

## بۆ یەکەمجار هەولێر سەرکەوت بۆ چوار گۆشەی زێڕین

# سبەی هەولێر ڕووبەڕووی کوێت کوێتی دەبێتەوە

**یانەی هەولێر هەفتەی رابردوو توانی مێژوویيەکی تازە بۆ خۆی تۆمار بکات کاتێك توانی بۆ یەکەمجار سـەرکەوێت بۆ قۆناغی چوار گۆشەی زێڕینی جامی یەکێتی ئاسیا وا بڕیارە سبەی سێشەممە لە یاری چوونی چوار گۆشەی زێرین رووبەرووی یانەی کوێتی کوێتی ببێتەوە.**

### یانەی هەولێر بە دوای تۆڵە سەندنەوە دەگەڕێت

لە سـالّی ٢٠٠٩ هەردوو یانەی هەولێر و کوێت کوێتی لە قۆناغی هەشـتەمی جامی یەکێتی ئاسـیا رووبـەڕووی یەکتر بوونـەوە، لە یاری یەکـەم لە یاریگـەی کوێت هـەردوو یانە بە ئەنجامی گۆڵێك یەکسـانبوون و لە یاری دووەم لە یاریگەی شـەهید فرەنسـۆ هەریری یانەی کوێت توانی بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرانبەر سـەرکەوتن بە دەستبهێنێت، لەم یارییە یاریزانی بەرازیلـی رۆجێرۆ گۆڵی سـەرکەوتنی تۆمار کـرد دواتر یانەی کوێت بـووە پاڵەوانی جامی یەکێتی ئاسیا، بەڵام ئەمجارە یاریزانانی یانەی هەولێر بە دوای تۆڵە سەندنەوە دەگەڕێن و هەوڵ دەدن لە یاری چوونی چوار گۆشەی زێڕین لە نێو یاریگەی شەهید فرەنسـۆ هەریری بتوانن ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنین و بۆ ئەوەی لە یاری هاتندا تووشی گرفت نەبن و هەروەها دڵی هاندەرانی یانەکەیان خـۆش بکەن و ئەم یارییە تایبەتمەندییەکی تایبەتی خۆی هەیە و یانەی کوێت لەم وەرزە تا رادەیەك پێکهاتەیەکی بەهێزی هەیە و توانی لە یەکێك لە پاڵێوراوە سەرکییەکانی ئـەم پاڵەوانێتییە بباتەوە ئەویش یانەی موانگ سوانگ یۆنایتدی تایلاندی بووە.

### دەبێت جەماوەر پاڵپشتی یانەی هەولێر بکات

هەرچەندە هەفتەی رابردوو یانەی هەولێر توانی لە یانەی پرسـیبۆرا جایابۆرا-ی ئەندونوسـی بباتەوە و بگاتە قۆناغی چوار گۆشەی زێڕین، بـەڵام ئەوەی جێگـەی نیگەرانە لـەم یارییە جەماوەر لە یاریـگا ئامادە نەبوون ئەمەش بووە جێگـەی داخی هەمووان بـە تایبەتی راهێنەر ئەیوب ئۆدیشوکە رایگەیاند: ئەگەر لە یاریگەی خۆمان و لە یارییەکی چارەنووسسازدا جەماوەر ئامادە نەبێت و پشتگیری یاریزانان نەکەن کەی جەمـاوەر لە یاریگا ئامـادە دەبن بۆیە گرنگە رۆژی سێشـەممە دەبێت جەماوەر ئامادە بن و پاڵپشتیمان لێبکەن.

لە هەمانکاتـدا دەسـتەی هاندەرانی یانەی هەولێر دوای یاری رابردوو لە هەوڵ و کۆشش دان بۆ ئەوەی هانی جەماوەر بدەن تاکو ئامادە بن و لە نێو شەقام و بازاڕەکانی شاری هەولێر چەندین پۆسـتەریان بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی جەماوەر لە یارییەکی سبەی بە درێسی یانەی هەولێر ئامادە بن، بۆیە داوا لە جەماوەر شاری هەولێـر دەکەین لە یارییەکەی سـبەی لە نێو یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری ئامادە بن بۆ ئەوەی یانەی هەولێر بتوانێت ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنێت بۆ سەرکەوتن بۆ یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی.

### ئەمجەد رازی یاری ناکات

یاریزانـی یانەی هەولێر ئەمجـەد رازی لەم یارییـە یاری ناکات بەهـۆی وەرگرتنی دوو کارتـی زەرد و چـاوەڕوان دەکرێت لەم یارییە ئەیوب ئۆدیشو لە شوێنی ئەمجەد رازی یاری بە یاریزان مسـتەفا ئەحمـەد بکات لە هێڵی هێرشبەر و هەروەها تا ئێستا یاریکردنی یاریزان مەهدی کەریم دیار نییە بەهۆی ئەو پێکانەی، کە تووشـی بووە و ئەگـەر یاری نەکات ئەوە راهێنەر لە شـوێنی مەهـدی کەریم یاری بە یاریزان حوسێن عەلی وەحید دەکات، لە یانەی کوێت کوێتی یاریزان خالید حەزام یاری ناکات بەهـۆی وەرگرتنی کارتی سـوور لە یاری رابردوو.

### رۆجیرۆ و رافت عەلی کلیلی سەرکەوتنەکانی کوێت کوێت-ین

راهێنەر کەرواتی دراگان لە یارییەکانی رابردوو پشت بە یاریزانی بەرازیلی رۆجێرۆ و یاریزانی ئوردنی رافت عەلی دەبەستێت بۆ تۆمارکردنی سەرکەوتن، هەرچەندە رافت عەلی یاریزانێکی بەتەمەنە، بەڵام خـاوەن جموجۆڵێکی زۆرە لە نێو یاریگا و هەروەها لە یانەی کوێت چەندین یاریزانی بە توانا یاری دەکەن، کە زۆربەیان لە هەڵبژاردەی کوێت یاری دەکەن.

### گرێبەستی محەمەد گاسد نوێکرایەوە

دەسـتەی کارگێڕی یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەسـتی گۆڵچی یانەی هەولێر محەمەد گاسـد بۆ ماوەی یەك وەرز نوێکردەوە بە بڕی ٩٥ ملیـۆن دینار و مووچەی مانگانەی یەك ملیۆن دینار.



وەرزش

# دهۆک پاڵەوانێتی کیک بۆکسینگی کوردستانی بەدەستهێنا

به ئامادەبوونـــی جەماوەرێکـــی زۆری وەرزش دۆســـت و ئارەزوومەندی یاری کیك بۆکسینگ و بەسەر پەرشـــتی یەکێتی ناوەندی کیك بۆکسینگی کوردســـتان و بەهاوکاری لقی هەولێری یەکێتییەکە لەپارکـــی مناره، پاڵەوانێتییتی کیك بۆکســـینگی یانەکانـــی کوردســـتان بەبەشـــداری هەریـــەك لە یانەکانـــی (قەڵا، جیهـــان، تەئاخی، ســـەرچنار، سیروانی نوێ، شەقڵاوە، شۆریجە، خانەقین، دهۆك، شێخان، ) بەسیســـتەمی (های کیك) بۆ یانەکانی کوردســـتان بەڕێوە چوو، ماوەی دوو رۆژی خایاند، زیاتـــر لە ١٠٠ یاریزانی یانـــەکان کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەســـت هێنانی نازناوی خولەکـــە لە کێشـــی ٥١کگم تاکو +٩١کگـــم، لە بارەی خولەکـــەش واحیـــد ئەحمەد ســـەلاح جێگری ســـەرۆکی یەکێتـــی کیك بۆکســـینگی کوردســـتان لەمبارەیـــەوە بە فایلـــی وەرزشـــی گۆڤـــاری گوڵان راگەیاند «ئەنجامدانی ئەو پاڵەوانێتییە وەکو پرۆگرامی ساڵانەی خۆمان بوو، مەبەســـتمان ئەوە بوو کە ئەو یارییە ببێتە بناغەیەکی باش لەکوردستان وەکو وەرزشەکانی تر، ئێمەش بۆماوەی دوو رۆژ بەبێ بوونی هیچ کێشیەك سەرکەوتووانە پاڵەوانێتییەکەمان بەڕێوە برد، یاریزانانی بەشـــداربوو توانیان ئاستێکی بەرز پێشـــکەش بکـــەن و یارییەکانیش بە گیانێکی بـــەرزی وەرزشـــی لەیەکتریان وەردەگـــرت، ئێمەش بەرنامەمان هەیە لە داهاتوو خولْ وپاڵەوانێتی زیاتر بکەین لەم یارییە، ئەنجامی کۆتایی تیپەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١-یانەی دهۆك
٢-یانەی خانەقین
٣-یانەی شەقڵاوە

ئەنجامی تاکی یاریزانان

٥٤کگم
ســـەیف ســـەبیح-یانەی تەئاخی
٥٧کگم
محەمەدحامید-یانەی شەقڵاوە
٦٠کگم
ئەحمەد محەمەد-یانەی دهۆك
٦٣کگم
ئازادئەحمەد-یانەی خانەقین
٦٧کگم
ئەمیر هاشم –یانەی شەقڵاوە
٧١کگم
چالاك محەمەد-یانەی شەقڵاوە
٧٥کگم
زێرەڤان سالْح-دهۆك
٨١گکم
ئەحمەد ئیدریس-یانەی دهۆك
٩١کگم
دڵشادحوسێن-دهۆك
+٩١کگم
زانامحەمەد-یانەی سەرچنار

باشترین یاریزانی پاڵەوانیتییەکەش (ئەمیـــر هاشـــم)بوو لـــە یانەی شـــەقڵاوە، لە کۆتایشدا لەلایەن ئامادەبـــووان خەڵات و دیاری بەســـەر تیـــپ و یاریزانـــە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.



# لە کەرکووک پاڵەوانێتی جیمناستیکی کچانی یانەکانی کوردستان ئەنجامدرا

لە شـــاری کەرکووك لە هۆڵی ناوەندی وەرزش و لاوانی ١ی حوزیران، بەســـەر پەرشتی یەکێتی ناوەندی جیمناســـتیکی کوردســـتان و بەهاوکاری لقی کەرکووکی یەکێتییەکە و بەبەشداری هەریەکە لە یانەکانی کچانی (ســـۆلاڤی نـــوێ، کەیوان، پێشـــکەوتن، لەیلان، ئافرەتانـــی کەرکوك، باباگوڕگـــوڕ) پاڵەوانێتی جیمناســـتیکی کچانـــی یانەکانی کوردســـتان بۆماوەی دوو رۆژ بـــەردەوام بـــوو، لەمبارەشـــەوە عەبدول رەحمان ئادەم ســـکرتێری یەکێتی ناوەندی جیمناستیکی کوردستان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئێمە وەکوپرۆگرامی ســـاڵانەی خۆمان هەڵســـاین بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەك بۆکچانی یانەکانی کوردســـتان، کە شـــەش یانە بەشداریان کرد، لە هەریەك لە شـــارەکانی هەولێر و دهۆك و هیچ یانەیەکی شاری دهۆك و سلێمانی بەشدارییان نەکردبـــوو، بەهـــۆی کێشـــەی دارایـــی تیپەکان، خولەکەش زۆر بەســـەرکەوتوویی بۆماوەی دوو رۆژ لە شـــاری کەرکووك ئەنجامـــدرا، بەرنامەمان هەیە چەند خولێکی جیمناســـتیکی بۆ کوڕان وکچان لە شـــاری دهۆك ئەنجام بدەن. شایەنی باسە یاریزانانی بەشداربووی پاڵەوانێتییەکە ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد. ئەنجامـــی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

ئەنجامی تیپ
١-یانەی سۆلاڤی نوێ ٦٩/٦٠خاڵ
٢-یانەی کەیوان ٦٩/٥٠خاڵ
٣-یانەی پێشکەوتن ٥٤/٨٠خاڵ


ئەنجامی تاکی گشتی
١- شنۆ عوسمان – یانەی سۆلاڤی نوێ
٢- نەبا جاسم –یانەی کەیوان

جوڵانەوەی سەرزەوی
١- شنۆ عوسمان – یانەی سۆلاڤی نوێ
٢- سۆزان محەمەد-یانەی کەیوان

ئامێری بازدان
١- شنۆ عوسمان – یانەی سۆلاڤی نوێ
٢- سۆزان مەحمەد-یانەی کەیوان

ئامێری تەریب
١- شنۆ عوسمان – یانەی سۆلاڤی نوێ
٢- هاجەر مەحمەد-یانەی کەیوان

لە کۆتایشـــدا خەڵات ودیاری بەسەر یاریزان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.



# میسی دەیەوێت مێژوو لەگەڵ بەرشلۆنە تۆمار بکات

ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و باشترین یاریزانی جیهان لە دوو ساڵی رابردوو لیۆنێل میسی بە هیوای ئەوەیە ببێتە باشترین گۆڵکار لە مێژووی یانەی بەرشلۆنە، بۆ ئەوەی ناوی خۆی لە یانەی هەرێمی کەتالۆنیا تاکاتێکی دیکە تۆمار بکات، میسی تا کۆتایی یارییەکانی هەفتەی ٦ ی خولی ئیسپانیا و لە سەرجەم خولەکانی دیکە ١٩٢ گۆڵی تۆمارکردووە و تادێ لە ژمارەی گۆڵەکانی گۆڵکاری مێژوویی یانەی بەرشلۆنە سیزار رۆدریگیز نزیك دەبێتەوە کە ٢٣٥ گۆڵی تۆمارکردووە لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوودا.

میسی لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی BARCA TV گوتی: من بیر لە ژمارەی گۆڵەکان ناکەمەوە تەنها بیر لە یارییەکان دەکەمەوە، بەڵام بێگومان دەمەوێ ببم بە باشترین گۆڵکار لە مێژووی ئەم یانەیە. هەروەها میسی گوتی: پێوانەییە ساڵانێکی دوور و درێژە ئەو ژمارە نەگۆڕاوە، هیوادارم ئەو ژمارەیە پێوانەییە بشکێنم و بەردەوام دەبم لە هەوڵەکانم بۆ تۆمارکردنی ژمارەی پێوانەیی تازە لە یانەی بەرشلۆنە.



میسی تەمەنی ٢٤ ساڵە و لە ساڵی ٢٠٠٤ لە گەڵ تیپی یەکەمی بەرشلۆنە یاری دەکات و یەکەم گۆڵی لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو لە بەرامبەر یانەی ئەلباستی.


# زێدان . لەوانەیـ... نازناوەکە لـ...

یاریزان و ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسی زینەدین زێدان راوێژکاری سەرۆکی یانەی ریال مەدرید متمانەی خۆی بە تواناکانی راهێنەر جۆزی مۆرینهۆ دووپات کردەوە، بەڵام مۆرینهۆی ئاگادارکردەوە لە شکستەکانی یانەی شاهانە لە بەرامبەر یانە بچوکەکانی خولی ئیسپانیا کە دەبێتە هۆکاری لە دەستدانی نازناوەکە لە کۆتایی وەرزدا.

زێدان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان گوتی: ریال مەدرید یانەیەکی گەورەیە و باشترین یانەی جیهانە، جۆزی مۆرینهۆ باش دەزانێت کە کارگێران و یاریزانان و هاندەران متمانەیان پێی هەیە، ئێمە هەموومان دەزانین کە هەموو یانەکانی جیهان بە کاتێکی خەراپ تێدەپەڕن، بەڵام دەمەوێ مۆرینهۆ ئاگادار بکەمەوە کە دۆڕندنی ٤ یاری لەوانەیە ببێتە هۆکاری لەدەستدانی نازناوی خولی ئیسپانیا، بەڵێ دۆڕاندن لە ٤ یاری ماندووبوونی وەرزێك بە فیرۆ دەدات، بۆیە پێویستە هەمووان بەیەکەوە کاربکەین، من



# دەوڵەمەندترین ١٠ یاریزان لـ...



یاریزانانی تۆپی پێ لە سەرتاسەری جیهان وەك ئەستێرە دێنە بەرچاو، هەربۆیە کۆمپانیا بازرگانییەکان هەوڵی ئەوە دەدەن لە رێگای ئەو ئەستێرانە ریکلام بۆ کەلو پەلەکانیان بکەن، مووچەی یاریزانانی تۆپی پێ لەگەڵ یانەکانیان دیارە، بە پێی ئەو بۆندانەی کە لە نێوانیان مۆرکراوە، بەڵام هەندێك لە ئەستێرەکان داهاتێکی گەورەیان هەیە لە ریکلامەوە، ئەستێرە بەناوبانگەکان لەگەڵ زیاتر لە کۆمپانیایەك بۆندی ریکلامیان هەیە، زۆر جاریش دوو ئەستێرە یان زیاتر کە یانەکانیان رکابەری سەرسەختی یەکترن بەیەکەوە لە ریکلامێکی بازرگانی بەدیاردەکەون، ئەمەش ریزبەندی دەوڵەمەندرین ١٠ یاریزانە کە زۆرترین داهاتیان لە ماوەی یەك ساڵدا دەست دەکەوێت.

١- دێڤید بێکهام . یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی ئەمریکی، داهاتی ساڵی رابردووی لە ریکلامەوە کەیشتە ٤٠ ملیۆن دۆلار، بۆندی لەگەڵ ٨ کۆمپانیای زەبەلاح هەیە وەك ئەدیداس و جیورجیۆ ئەرمانی و مۆتۆرۆلا.

٢ - کریستیانۆ رۆنالدۆ. یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، داهاتی ساڵی رابردووی ئەستێرەی پورتوگالی گەیشتە ٣٨ ملیۆن دۆلار، بۆندی لەگەڵ ٦ کۆمپانیا هەیە لەوانە نایکی و کۆکاکۆلا و کاسترۆل و ئی ئەی سپۆرت.

٣- لیۆنێل میسی. یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، ٣٢ ملیۆن دۆلار داهاتی ئەستێرەی ئەرژەنتینی بوو، لە گەڵ ٦ کۆمپانیا بۆندی هەیە وەك ئەدیداس و بیبسی و کۆنامی.

٤- ریکاردۆ کاکا. یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، داهاتەکەی بریتی بوو لە ٢٥

# ـــــه به ٤ دۆڕاندن ریال ـــــەدەست بدات

متمانەی تەواوم هەیە کە دەتوانین دەسکەوتی گەورە بەدەست بهێنین، مۆرینهۆش باش دەزانێ چ ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە و دەبێ هەردەم بۆ سەرکەوتن یاری بکات.



# کاتژمێرەکەی نادال نرخی ٥٠٠ هەزار یۆرۆیە

یاریزانی بەناوبانگی تێنسی سەر زەوی ئیسپانی رافایل نادال بڕیاریدا ئەو کاتژمێرە بفرۆشێت کە لەدەستی دابووە لەکاتی بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانییەتی مۆنتی کارلۆی کراوە بۆ حەوتەمین جار لەسەر یەك، لە مانگی نیسانی رابردوو، نادال کاتژمێرەکەی لە مەزادێکی ئاشکرا فرۆشت و پارەکەی بۆ کاری خێرخوازی تەرخانکرد، کاتژمێرەکەی نادال لە بازاڕی ئۆنل ووچ خرایە مەزادەوە و بە بڕی ٥١٠ هەزار یۆرۆ فرۆشرا، نادال ئەو بڕە پارەیەی بۆ کاری خێرخوازی تەرخانکرد.

شایانی باسە نادال حەوت جار لە سەر یەك نازناوی پاڵەوانییەتی مۆنت کارلۆی بەدەستهێناوە کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەییە و لە مێژووی بەشداریکردنی لەم پاڵەوانەتییەدا، نادال تەنها یەك یاری دۆڕاندووە لە ساڵی ٢٠٠٣ دواتر لە ٣٧ یاری لەسەر یەك سەرکەوتنی تۆمارکردووە بە بێ ئەوەی تووشی هیچ دۆڕاندنێك بێت.



# ـــــە داهاتی ریکلامەوە

ملیۆن دۆلار، ٥ کۆمپانیا بۆندی لەگەڵ مۆرکردووە وەك ئەدیداس و براڤیا.

٥- رۆنالدینهۆ. یانەی فلامینگۆی بەرازیلی، داهاتەکەی ٢٤ ملیۆن دۆلارە، بۆندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی کۆنیکا و بیبسی هەیە.

٦- تیری هینری. یانەی نیویۆرك ریدبۆلزی ئەمەریکی، داهاتی ئەستێرەی فەرنسی ٢١ ملیۆن دۆلار بوو، بۆندەکانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیلیت و بیبسی و ریبۆك هەیە .

٧- وێین رونی. یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، داهاتەکەی لە ساڵی رابردوو گەیشتە ٢٠ ملیۆن دۆلار، بۆندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نایکی و ئەلکترۆنیس ئارت هەیە.

٨- فرانك لامپارد. یانەی چێلسی ئینگلیزی، ١٧ ملیۆن دۆلار داهاتی ئەم یاریزانە بوو، بۆندێکی سەرەکی لەگەڵ کۆمپانیای نایکی هەیە.

٩- زلاتان ئیبراهیمۆڤیج. یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی، ئەویش داهاتەکەی ١٧ ملیۆن دۆلار بوو لە ڕێگای بۆندی لەگەڵ کۆمپانیای نایکی.

١٠- ساموێل ئیتۆ. یانەی ئەنژی رووسی، داهاتی یاریزانی کامیرۆنی گەیشتە ١٥ ملیۆن دۆلار، بۆندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی فۆرد و پوما هەیە.




ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# کێ لە پشت بڕیارەکەی فیفایە بۆ گواستنەوەی

**لە بڕیارێکی کتوپڕدا یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا بڕیاریدا یارییەکانی هەڵبژاردەکانی عێراق لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستان بۆ وڵاتەکانی تر بگوازێتەوە بە بیانووی خراپی باروودۆخی ئەمنی لە عێراق، بە تایبەتی لە کوردستان و هەروەها خراپی ڕێکخستنی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا داوای لە هەردوو یانەی**

ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

دوای ئەوەی ئەمانە هەمووی لێدوانی ڕاهێنەر و سەرپەرشتیاری یاری و ناوبژیوانان و ئەمنی بوون دەربارەی باردودۆخی ئەمنی کوردستان، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە کێ دەستی لە بڕیارەکەی فیفادا هەیە، وەڵامی ئەم پرسیارە بە سێ بیروبۆچوون دەدرێتەوە.

**١-** بە پێی هەندێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە هەندێك لە ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بە پاڵەپەستۆی سیاسییەکانی عێراق نووسراوێکیان بە نهێنی ئاڕاستەی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی کردووە و باس لەوە دەکەن، کە گوایە کوردستان لە رووی ئەمنی خراپە و دەبێت یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق لەم شارە بگوازرێتەوە.

هۆکاری ئەم کارەش، چونکە شاندێکی یەکجار زۆری وڵاتان بەهۆی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی هەولێر و دهۆك سەردانی کوردستان دەکەن و بە چاوی خۆیان پێشکەوتنی کوردستان دەبینن و هەروەها لە رووی ئابوورییەوە کوردستان لەم رووەوە سوودمەند دەبێت، چونکە بەهۆی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق چەندین گەشتیار لە گشت پارێزگاکانی عێراق سەردانی کوردستان دەکەن.

**٢-** هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن، کە ئەم بڕیارە بە ڕێکەوتنی نێوان سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتییە لەگەڵ سەرۆکی کاتی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا، کە بە رەگەز چینیە، ئەگەر پلاتر ئەم بڕیارە بدات ئەوە سەرۆکی کاتی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دووبارە کار بۆ ئەوە دەکات، کە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا پاڵپشتی پلاتر بن لە داهاتوو و کیشوەری ئاسیا یەکێکە لە کیشوەرە هەرە گەورەکانی جیهان.

ئەم ڕێکەوتنە دوای ئەوە هاتووە، کە هەڵبژاردەی چین بەفەرمی بڕیاری دا یاری لە کوردستان ناکات و بەهۆی خراپی باروودۆخی ئەمنی دواتر کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لە سەرۆکی کاتی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کردووە بۆ بەکار هێنانی پەیوەندییەکانی بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەیرە، ئەگەر هەڵبژاردەی چین ئامادە نەبێت بێتە کوردستان بە هۆی خراپی بارودۆخی ئەمنی، ئەدی بۆچی حکومەتی چینی ڕێگە دەدات کۆمپانیاکان و کرێکارانی چینی لە کوردستان کار بکەن؟

**٣-** بە پێی هەندێك لە بیروبۆچوونەکان باس لەوە دەکەن،کە ڕاهێنەر زیکۆ دەستی لە پشت ئەم بڕیارە

### سەرپەرشتیاری ئەمنی:
### دوای چەند مانگێک خۆم و خێزانەکەم بۆ گەشتیاری سەردانی کوردستان دەکەم

دوای ئەوەی سەرپەرشتیاری ئەمنی کە بە رەگەز مالیزیە سەردانی کوردستانی کرد بە تایبەتی هەردوو شاری هەولێر و دهۆك، ڕەزامەندی لەسەر باری ئەمنی کوردستان دا و تەئکیدی لەوە کردەوە، کە هیچ کێشەیەك لە کوردستان نییە ببێتە ڕێگر لە ئەنجامدانی یارییە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها سەرسامی خۆی بۆ پێشکەوتنی کوردستان نیشان دا و تەئکیدی لەوە کردەوە، کە لە ماوەیەکی داهاتوو خۆی و خێزانەکەی دێنە کوردستان بۆ گەشتیاری، لە ڕاپۆرتی خۆی بۆ یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ستایشی باردۆخی کوردستانی کرد و داوای لە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کرد نووسراوێکی سوپاسنامە ئاڕاستەی یانەی هەولێر بکەن بۆ ئەو ڕۆڵەی کە بینیان لە سەرکەوتنی یارییەکە.

### جاکسۆنی بەرازیلی :
### ئەوەی لە کوردستان بینیم زۆر جیاوازە لەوەی کە گوێبیستی دەبم

جاکسۆن ڕاهێنەری یانەی پرسیبۆرا جایابۆرای، کە بە ڕەگەز بەرازیلیە تەئکیدی لەوە کردووە، کە پێش هاتنی بۆ کوردستان هەموو بە ناتەواو وەسفیان دەکرد و گوێبیستی هەواڵی دوور لە ڕاستی دەبووین لە کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان بە تایبەتی دوای بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا، بەڵام لەگەڵ هاتنم بۆ کوردستان زۆر سەرسام بووم، چونکە ئەوەی بینیم زۆر دوورە لەوەی، کە باس دەکرێت و گوتی: بەڕاستی کوردستان زۆر خۆش و پێشکەوتووە و یاریزانەکانمان لەگەڵ هاتنیان تا ئێستا تەنیا وێنە دەگرن و هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەن و یانەی هەولێر خاوەن یاریگایەکی زۆر باشە و هیوادارام لە دوا ڕۆژ بتوانم دووبارە سەردانی کوردستان بکەم، چونکە بەڕاستی شاری هەولێر شارێکی دلگیرە.



# یارییەکـــانی هەڵبژاردەی عێراق لە کوردستان؟

**هەولێر و دهۆك کرد، نووسراوێکی دڵنیاکردنەوە بۆ یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ئامادە بکەن بۆ ئەوەی یارییەکانیان لە یاریگەی خۆیان بەڕێوە بچێت، دوای ناردنی نووسراوی دڵنیاکردنەوە یەکێتی تۆپی پێی ئاســیا بڕیاری دا سەرپەرشــتیاری ئەمنی بۆ کوردستان بنێرێت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ڕاپۆرت دەربارەی شاری هەولێر و دهۆك ئامادە بکات و ئەم سەرپەرشتیارە بە ڕەگەز مالیزیە.**

هەبێــت بەهۆی ئەم پەیوەندییــە بەهێزە لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێــی نێودەوڵەتی و بەکارهێنانی بــۆ نەهێشــتنی بەڕێوەچوونــی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە کوردستان، ئەمەش لەسەر داوای چەند یاریزانێکــی هەڵبژاردەی عێراق، بەهــۆی ئــەم ڕووداوانەی، کە بــە دواییە لە نێوان هاندەران ڕوویدا لە کوردســتان بە تایبەتی

### سەرپەرشتیاری یارییەکە ئیماراتی:
## پلەی نایابم بۆ ڕێکخستنی یارییەکە ناردووە

سەرپەرشــتیاری یارییەکــە یەعقــوب، کــە ئیماراتییــە لە ڕاپۆرتەکەیدا، کــە بۆ یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ئامادەی کردووە باسی ئەوەی کــردووە، یانەی هەولێر لە ڕووی ڕێکخســتن زۆر ســەرکەوتوو بووە و ئــەم یارییە یەکێك لە یارییە هەر باشەکانی ئەم پاڵەوانێتییە لە ڕووی ڕێکخستنەوە و پلەی نایابی داناوە و خۆشحاڵی خۆی بۆ ئامادەبوونی لە کوردستان نیشان دا و گوتی: بەراستی کوردستان زۆر پێشکەوتووە بە تایبەتی شاری هەولێر، کە شارێکی زۆر پێشکەوتووە و چاوەڕوان دەکرێت زیاتریش پێشــبکەوێت و هیــوادارم جارێکی تر سەردانی کوردستان بکەمەوە.

لــە یارییەکــی هەڵبژاردەی عێــراق و ئوردن، چونکە لەم یارییــە جەماوەر هانی هەڵبژاردەی ئوردنیــان دا ئەمەش بــووە جێگەی نیگەرانی هەمــوو لایەك و هەروەهــا زێکو ئەم کارەی بۆ بەرژەوەندی خۆشــی ئەنجامداوە، چونکە زیکۆ ئێســتا جگە لە کارەکەی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق ســێ کاری تر لە بەرازیل ئەنجام دەدات ئەویش پێشکەشــکاری بەرنامەیەکی هەفتانەیە و شیکەرەوەی یارییەکانی خولی بەرازیلە و ئەکادیمیای پێگەیاندنی یاریزانانە لە بەرازیل، بۆیە ئەو کاتی لەبەر دەست نییە، کــە هەردەم لە کوردســتان بێت و ســەیری یارییەکانی هەولێر و دهــۆك و خولی عێــراق بکات، بەڵام ئەگــەر یارییەکان لە دەرەوەی کوردستان بێت ئەوە پابەند نییە، کە لە یارییەکان ئامادە بێت، ئەمەش کاتێکی باشی بۆ دەگەڕێتەوە.

**ئایا یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق دەگەڕێتەوە کوردستان**

بە پێی سیستەمی ناوخۆیی لیژنەی ڕێکخستنی یارییەکانــی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٤، هەر بڕیارێك لەم لیژنەیــە بدرێت ئەوە کۆتایی و گەڕانەوەی نییــە، بۆیە زەحمەتە یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق لــە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامــی جیهانی دووبارە لە کوردســتان بەڕێوە بچێت، بەڵام ڕەنگــە یارییەکانی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق دووبارە لە شاری هەولێر بەڕێوە بچێــت ئەمــەش دوای ناردنی نووســراوێکی فەرمی یەکێتــی تۆپی پێی عێراق بۆ یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی، هەرچەندە یەکێتی تۆپی پێی عێــراق لە کۆبوونەوەی خورئاوای ئاســیا بەڵێنیان لە جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ئەمیر عەلی بن حوسێن وەرگرتووە بە مەبەستی گەڕانەوەی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق بۆ کوردستان.

### سەرپەرشتیاری بەنگلادشی:
## دەبێت یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا سوپاسی یانەی هەولێر بکات

«ئیســلام» سەرپەرشــتیاری ناوبژیوانان کە بــە ڕەگەز بەنگلادشــیە لــە ڕاپۆرتی خۆی دوای تەواوبوونــی یارییەکە داوای لە یەکێتی تۆپی پێی ئاســیا کرد، کە دەبێت نووسراوێکی سوپاسنامە ئاڕاســتەی یانەی هەولێر بکات، چونکە یارییەکە لەڕووی ئەمن و ڕێکخســتن زۆر ســەرکەوتوو بوو و هیچ کێشەیەك ڕووی نــەدا و هەروەها پلەی نایابی بۆ یارییەکە دانا لە ڕووی ڕێکخستنەوە.

